# پوختەیەک دەربارەی

# ((چۆنیەتی عومرە کردن))

لەژێر ڕۆشنایی قورئان وسوننەتدا



نووسینی

ئازاد فائق پێنجوێنی

١٤٤٤ک-٢٠٢٣ز

# پوختەیەک دەربارەی

# ((چۆنیەتی عومرەکردن))


نووسینی

ئازاد فائق پێنجوێنی


١٤٤٤ک-٢٠٢٣ز

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## پێشەكی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسوله الأمين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾[آل عمران: ١٠٢].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾[النساء: ١].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾[الأحزاب:٧٠-٧١].

أما بعدُ:

فإنَّ أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

**وەپاشان: ئەم نامیلکەی بەردەستت پێکهاتووە لە پوختەیەك دەربارەی (چۆنییەتی عومرەکردن) لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا، بەشێوازێکی کورت و پوخت، وە بەرچاوڕوونیت پێدەدات و بێ پێویستت دەکات لە زۆرپرسیارکردن دەربارەی ئەو عیبادەتە، وەهەموو کارەکانی عومرەی تێدا باسکراوە قۆناغ بەقۆناغ.**

**داواکارم لەخوای باڵادەست بیکاتە توێشوی قیامەت بۆ من و بۆ هەرکەسێکیش دەیخوێنێتەوەو سوودی لێ دەبینێت، لەدوعای خێرتان بێبەشمان مەکەن.**

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلّا أنت أستغفرك وأتوب إليك،

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

آزاد فائق پێنجوێنی

سعودية/ جُدة- سكن الطلابي

شەوی شەممە

٥/ رجب/ ١٤٤٤ك

٢٧/ ١/ ٢٠٢٣ز

## چۆنیەتی عومرەکردن

پێناسەی عومرە لەزمانەوانیدا: بمعنى "الزِّيَارَة أَو القَصْد"[١]

واتە: "سەردان کردن".

وەلەشەرعدا واتە: سەردانکردنی ماڵی خوا-واتە کەعبەی پیرۆز-

بۆ بەجێ گەیاندنی عیبادەتێکی دیاری کراو کە عومرەیە.

## فەزڵ و گەورەیی عومرە کردن

وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «فَإِنَّ عُمْرَةً فِي رَمَضَانَ تَقْضِي حَجَّةً أَوْ حَجَّةً مَعِي»[٢].

واتە: «بێگومان عومرەیەك لەرەمەزاندا وەکو وایە حەجێکی کردبێت یان حەجێکی لەگەڵ مندا کردبێت-واتە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا-».

وَقَالَ ﷺ: «العُمْرَةُ إِلَى العُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا»[٣].

---

١- لسان العرب، لابن منظور: (٤/٦٠٥).

٢- رواه البخاري: (١٨٦٣).

٣- رواه البخاري: (١٧٧٣)، ومسلم: (١٣٤٩).

واتە: «عومرە تا عومرەیەكی تر سڕینەوەی گوناهی نێوانیایە».

## ڕوكنەكانی عومرە

١- ئیحرام بەستن، واتە: نیەت هێنان وە وتنی "الْتَلْبِيَة".

٢- تەوافی كەعبە.

٣- سەعی نێوان صەفاو مەڕوە.

واتە: عومرە بەبێ ئەمانە هەڵدەوەشێتەوە.

## واجبەكانی عومرە

١- ئیحرام لەبەركردن لەمیقاتەوە، كەدواتر باسی دەكەین.

٢- سەرتاشین یاخود كورتكردنەوە.

واتە: بەبێ ئەمانە عومرە ناقصە وە دەبێت"فیدیەی" بۆ بدەیت.

## سوننەتەکانی عومرە

بێجگە لەڕوکن و واجبەکان ئەوەی دەمێنێتەوە سوننەتە، وەکو خۆشۆردن.......

## سەرەتای خۆ ئامادەکردن بۆ عومرە

* یەکەمجار دەچیتە مەدینەو لەوێ دادەبەزیت وەچەند ڕۆژێك لەوێدا دەمێنیتەوەو عیبادەت دەکەیت، وەسەردانی قەبری پێغەمبەرﷺ و أبوبکرو عومەر دەکەیت و سەلامیان لێ دەکەیت.

* سەردانی گۆڕستانی بەقیع دەکەیت، وەگەر کات هەبوو سەردانی کێوی ئوحود و مزگەوتی قوباو مزگەوتی قیبلەتەین دەکەیت.

* خۆت مەشغوڵ ناکەیت بە کڕین و فرۆشتنەوە بەڵکو خەریکی عیبادەت دەبیت چونکە ئەو خێرەت لەشوێنی تردا دەست ناکەوێت بێجگە لە مەککەی پیرۆز، هەروەکو لەفەرموودەدا هاتووە

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «الصَّلَاةُ فِي مَسْجِدِي هَذَا تَعْدِلُ أَلْفَ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنَ الْمَسَاجِدِ إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ فَهُوَ أَفْضَلُ»[٤].

واتە: «نوێژكردن لەمزگەوتی پێغەمبەرﷺ دا پاداشتی هەزار نوێژی هەیە، نوێژ لەهیچ كوێیەك لەمە گەورەتر نییە بێجگە مەككەی پیرۆز نەبێت-كە پاداشتی صەد هەزار نوێژی هەیە-».

* دوای ئەوە تەواوبوویت لەشاری مەدینەی پیرۆز دەچیت بۆ میقات كەپێی دەوترێت ( مزگەوتی ئەبیار عەلی یان ذو الحليفة) بۆ (ئیحرام بەستن) كەهەر لەناو مەدینەدایە.

* سوننەتە خۆت بشۆیت و ئیحرام ببەستیت وە نیەت بهێنیت بەزوبان وە بلێییت: (لَبَيْكَ اللَّهُمَّ عُمْرَةً).

* پاشان دوو ڕكات نوێژی سوننەتی (تَحِيَّةُ المَسْجِد) لەو مزگەوتەكە بكەیت.

* دواتر بەڕێ بكەویت بەرەو مەككەی پیرۆز وەبەردەوام بیت لەقورئان خوێندن و تەسبیحات بەتایبەت وتنی ئەم زیكرە بەپێی توانا: «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ

---

٤- رواه أحمد: (٦٤٣٦).

لَكَ وَالْمُلْكَ، لَا شَرِيكَ لَكَ»، هەتا دەگەیتە ناو حەرەم، وەکەعبە دەبینیت، ئیتر ئەو زیکرە ناوترێت.

## کاتێک ئیحرامت بەست نابێت ئەم شتانە ئەنجام بدەیت

* نابێت موو ونینۆك لەخۆی بکاتەوە لەخۆت بکەیتەوە هەتا عومرەکەت تەواو دەبێت.

* نابێت بۆنی خۆش بدەیت لەخۆت و لەجل و بەرگت.

* نابێت هیچ گیانداریك بکوژیت.

* نابێت پیاوان جلو بەرگی دروار لەبەر بکەن، واتە بەس دەبێت ئەو دوو پارچە جلەیان لەبەردا بێت وەلەژێرەوە جلی تر لەبەر نەکەن، بەلاّم دەتوانن نەعل لەپێ بکەن ئەگەر درواویشی پێوەبێت.

* نابێت گەر گۆرەویت لەپێدابوو بگاتە سەر قولاپەت، بەلاّم گەر نەگەیشتە قولاپەت زانایان دەفەرموون دروستە گۆرەوییشت لەپێدابێت، وەپشتوێنێك درواوی تێدابێت دروستە لەپشتدابێت بۆ بەستنی ئیحرامەکە.

* نابێت ئیحرام لەخۆت بکەنەوە تا عومرە تەواو دەکەیت-واتە تا سەرت چاك دەکەیت- مەگەر بۆ پێویستییەك یان خۆشۆردنێك کە بۆنی ناخۆشت لێ بێت ئیحرام دابنێیت و خۆت بشۆیت و لەبەری بکەیتەوە.

* نابێت ژنو مێرد سەرجێیی-جوت بوون- بکەن هەتا تەواو دەبن لەعومرەکەیان، بەڵام دوای بەجێ گەیاندنی عومرەکە دروستە.

* نابێت دوای پۆشینی ئیحرام پیاوان سەریان داپپۆشن بەکڵاو شتی تر.

* کاتێك گەیشتیتە دەرگای چونە ژوورەوە بۆ ناو حەرەم قاچی ڕاستت پێش دەخەیت و دەڵێیت: «اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ»(٥).

واتە: «خودایە دەرگای ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە».

## دەستکردن بەتەواف

* دەچیتە لای گڵۆپە سەوزەکە کەلەئاستی بەردەڕەشەکەدایە، وە ئیحرام لەسەر شانی ڕاستت لادەبەیت، وەدەستت بەرز دەکەیتەوە بەرەو بەردە ڕەشەکەو ڕوی تێ دەکەیت و دەڵێیت: «بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُ أَكْبَرُ».

---

٥- رواه أحمد: (٢٣٦٠٧)، ومسلم: (٧١٣).

* پاشان دەست دەکەیت بەتەواف کە حەوت جار بەدەوری کەعبەی پیرۆزدا دەسورِێیتەوە.

* گەر مەجال هەبوو وە رِێگات تەنگ نەبوو لەسێ شەوتی یەکەمدا بەهەروەلە دەرِۆیت واتە برِێك خێراتر، بەلاّم ئەگەر نەت توانی و رِێگا نەبوو دەتوانی بەئاسایی برِۆیت.

* دەبێت لە هەرحەوت شەوتەکەدا شانی رِاستت رِوت بێت نەك تەنها لە سێ شەوت دا.

* کەبانگ دراو نوێژی جەماعەت دەستی پێکرد دەبێت شانت داپۆشیت هەتا نوێژەکە تەواودەکەیت دواتر شانی رِاستت رِووت دەکەیتەوە هەتا حەوت شەوتەکە تەواو دەکەیت.

* هەر حەوت جارەکە کە گەشتیتە ئاستی گلۆپە سەوزەکە دەستت بەرز دەکەیتەوە بەرەو بەردەرِەشەکەو دەڵێیت: «اللَّهُ أَكْبَرُ»، بەلاّم هەندێك کەس لەئێستادا خەڵکی ئەزیەت دەدەن و هەوڵ دەدەن دەست بدەن لەبەردە رِەشەکە یان ماچی بکەن مادام خەڵکێکی زۆر تێیدا کۆ بوونەتەوە باشتر وایە نزیکی نەکەویتەوە تا نەبیتە هۆی ئەزیەتدانی خەڵکی.

* سوننەتە کە گەشتیتە ئاستی ڕوکنی یەمانی تا دەگەیتە ئاستی گلۆپە سەوزەکە ئەم دوعایە بخوێنیت﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾، بەڵام سوننەت نیە سەلام بکەیت لەئاستی ڕوکنی یەمانی یاخود دەستی بۆ بەرزبکەیتەوە.

* سوننەتە لەکاتی تەوافدا هەردوعایەکی شەرعی یاخود قورئان خوێندن و زیکر بخوێندرێت، وە باش وایە خۆت مەشغوڵ نەکەی بەقسەکردن لەگەڵ خەڵکی یاخود تەصویر بکەیت و ڕەسم بگریت، چونکە تەواف عیبادەتە وەکو نوێژ، باشتر وایە خۆت بەعیبادەتەوە مەشغوڵ بکەیت.

* دەبێت دەستنوێژت هەبێت لەکاتی تەوافدا، ئەگەرنا تەوافەکەت دروست نییە، زۆرێك لەزانایان دەڵێن دەبێت لەسەعی صەفاو مەڕوەشدا دەستنوێژت هەبێت، بەڵام هەندێکی تر لەزانایان ڕێگەیان داوە بەبێ دەستنوێژ سەعی صەفاو مەڕوە بکرێت، بەڵام باشتر وایە دەستنوێژت ببێت بۆ لابردنی گومانی ئەوخیلافە.

* لەدوای ئەوەی حەوت جار تەوافەکەت تەواوکرد دەچیتە پشتی مەقامی ئیبراهیمەوە گەر شوێنت دەست کەوت، گەر مەجال نەبوو لەهەرشوێنێکدابێت دروستە، لەویا دوو ڕکات نوێژی سوننەتی تەواف

دەكەیت، وە سوننەتە لەڕكاتی یەكەمدا سورەتی﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١﴾ وەلەڕكاتی دووهەمدا﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ بخوێندرێت، دوای سەلام دانەوە هەرچەند حەزت كرد دوعا دەكەیت.

* دوای ئەوە دەچیت بۆلای ئاوە زەمزەمەكە هەرچەند توانات بوو ئاو دەخۆیتەوەو ئاو دەكەیت بەدەموو چاوتدا.

* پاشان بەرێ دەكەویت بەرەو صەفا بۆ دەست كردن بەسەعی صەفاو مەڕوە.

## سەعی صەفاو مەڕوە

* كاتێك نزیك بوویتەوە لەسەر كێوی صەفا ئەم ئایەتە دەخوێنیت: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنۡ حَجَّ ٱلۡبَيۡتَ أَوِ ٱعۡتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ١٥٨﴾سورة البقرة.

* پاشان لەسەر كێوی صەفا دەوەستیت و ڕوو لەكەعبە دەكەیت وەدەستت بەرز دەكەیتەوەو دەڵێیت: «اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ»، پاشان دەڵێیت: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ

وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ»[٦]، وە سێ جار ئەم زیکرە دەڵێیتەوە وەلەبەینی دوو جاریاندا دوعا دەکەیت، بەڵام لەسێ هەم جاردا دوعا ناکەیت.

* پاشان بەرێ دەکەویت بەرەو مەروە گڵۆپی سەوز لەسەر سەقفەکە دانراوە لەسەرەتای گڵۆپە سەوزەکە تاکوتایی گڵۆپەکە ڕادەکەیت، ئەمە لەهەموو شەوتێکی صەفاو مەروەش دوبارە دەکەیتەوە تا حەوت شەوتەکە تەواو دەکەیت.

* پاشان کەگەشتیتە مەروە ڕوو دەکەیتە کەعبەو هەمان زیکرو دوعای صەفا کەباسمان کرد سێ جار دووبارەی دەکەیتەوە بێجگە ئایەتەکە.

* پاشان دواتر بەرێ دەکەویت بەرەو صەفا، وە هەمان شت دەکەیتەوە، هەتا حەوت شەوت تەواو دەکەیت، وە لەبەینی صەفا بۆ مەروە وە مەروە بۆ صەفا زیکرو دوعا دەکەیت و قورئان دەخوێنیت، بەڵام زیکرێکی تایبەت نییە لەو نێوانەدا بخوێندرێت.

---

٦- رواه مسلم: (١٢١٨).

* **تێبینی:** لەهەر سەرێکی **صەفا** بۆ **مەڕوە** شەوتێکە وە لە**مەڕوە** بۆ **صەفا** شەوتێکە، وە بەهەمووی **حەوت شەوت** دەکات، وە **لەمەڕوە** کۆتایی بەسەعی **صەفاو مەڕوە** دێت.

## سەرتاشین یان کورتکردنەوە

* **لەدوای** سەعی **صەفاو مەڕوە** تەنها سەرچاککردن دەمێنێت، لەصەفاوە دەرگای چونە دەرەوەی تێدایە دەچیتە دەرەوەو دەچیتە لای حەلاق-سەرتاشخانە- سەرت چاك دەکەیت، ئیتر عومرەکەت تەواو دەبێت وە دەتوانیت ئیحرام لاببەیت وە بەئیسراحەت چەند دەمێنیتەوە عیبادەت بکەیت، چونکە **عیبادەت لەحەرەمی مەککەدا یەك بە صەد هەزارە، بەلاّم ئەوەش بزانە هەندێك لەزانایان دەفەرموون هەر گوناهێکیش بە صەد هەزارە.**

* **دەربارەی** سەرتاشین یان کورتکردنەوەی پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «**«اللَّهُمَّ ارْحَمِ المُحَلِّقِينَ» قَالُوا: وَالمُقَصِّرِينَ يَا رَسُولَ اللَّهِ،**

قَالَ: «اللَّهُمَّ ارْحَمِ المُحَلِّقِينَ» قَالُوا: وَالمُقَصِّرِينَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: «وَالمُقَصِّرِينَ»))(٧).

واته: ((پێغەمبەرﷺ دوو جار -لەڕیوایەتێکی تردا سێ جار- فەرمووی: خوای پەروەردگار ڕەحم و بەزەیی بکە بەوانەی کەسەریان تاشیوە، وتیان ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردوەتەوە؟ فەرمووی ئەوانەش قژیان کورت کردوەتەوە)).

* لەسەر بۆچوونی هەندێك لەزانایان دروستە پیاوان بەشێك لەقژیان کورت بکەنەوە، بەڵام ڕای بەهێز وە باشتر ئەوەیە سەریان بتاشن یان هەموو قژیان کورت بکەنەوە.

* سەبارەت بە ئافرەتان تەنها بەشێکی کەم لەقژیان دەبڕن هەروەکو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لَيْسَ عَلَى النِّسَاءِ حَلْقٌ، إِنَّمَا عَلَى النِّسَاءِ التَّقْصِيرُ))(٨).

واتە: ((سەرتاشین لەسەر ئافرەتان نییە، بەڵکو کورتکردنەوەیە)).

تم بحمد الله

٧- رواه البخاري: (١٧٢٧)، ومسلم: (١٣٠١).

٨- رواه أبو داود: (١٩٨٤).

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی ............................................................................. | ٤ |
| چۆنیەتی عومرەكردن .................................................................. | ٦ |
| فەزڵ و گەورەیی عومرە كردن ........................................... | ٦ |
| ڕوكنەكانی عومرە ............................................................... | ٧ |
| واجبەكانی عومرە ................................................................ | ٧ |
| سوننەتەكانی عومرە.................................................................. | ٨ |
| سەرەتای خۆ ئامادەكردن بۆ عومرە ..................................... | ٨ |
| كاتێك ئیحرامت بەست نابێت ئەم شتانە ئەنجام بدەیت .......... | ١٠ |
| دەستكردن بەتەواف ................................................................ | ١١ |
| سەعی صەفاو مەروە ............................................................. | ١٤ |
| سەرتاشین یان كورتكردنەوە ................................................ | ١٦ |
| ناوەڕۆك ............................................................................. | ١٨ |


قال الله تعالى
﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ
الْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾
{ سورة البقرة/ ١٩٦ }